# خۆزگە ئێمەش جاشو خۆ فرۆش بوینایە

ح. ش. ن
گەرمیانی/ کوردستان

شانازی مرۆڤ هەموکات بەوەوە بووە کە کاری باشی کردبێت یان شۆڕش گێڕ بوبێت بۆ گەلەکەی لە پێناو ڕەش و ڕوتدا گیانی خۆی کردبێتە قوربانی و هەرگیز سەری دانە نەواندبێت بۆ داگیر کەرانو بەر هەڵستی کردبێت لە مافی ڕەوای گەلەکەی.

بەڵام هەزاران جار مەخابن بۆ ئەو کەسانەی بە پاکی لە پێناو گەلەکەیاندا خۆیان کردە  قوربانی، هەتا گەلی کورد ڕزگاری بێت لە دەست دوژمانو زوڵمو زۆرداری.

ئەوانەی ساڵانێک لەمەو بەر میللەتی کوردیان ئەنفال دەکردو ڕەوانەی دۆزەخی مەرگیان دەکردن، ئەمڕۆ بونەتە شۆڕش گێرو لە ڕیزی پێشەوە دانراونو زۆر لە پێشمەرگە قارەمانەکانو  بنەماڵەی شەهیدان زیاتر حورمەتیان لێ دەگیرێتو شۆڕش گێڕی ڕاستە قینە ئەمڕۆ ئەوانن.

ئاخر چۆن  خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ نەڕۆشتووە؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
موستەشارو کۆنە بەعسیو سەدان کەسی خائینو تاوان بار جێگەی خەڵکانی شۆڕش گێڕ بگرنەوە.

سوڵتان هاشم سەدان هەزار کوردی بێ دیفاعی ئەنفال کرد، تەنها مەگەر خواو خۆیان بزانن چییان لێ کردون..... کوڕی گەنج.... پیاوی پەک کەوتە..
هەزاران دایکی جەرگ سوتاو و نەخۆشو پەک کەوتە....هەزاران کچی شۆخو شەنگی وڵاتەکەمان....... مەگەر خۆیانو سەرکردە تاوان بارەکانمان بزانن کە چۆن دەست درێژی شەرەف کراوەتە سەریانو پاشانیش شەهیدیان کردون.

ئافەرم مام.... تازە بەرگری لە سوڵتان هاشم دەکاتو نایەوێت لە سێدارە بدرێت.!
دیارە هەر بە بڕیاری مامو سەرکردایەتی کورد بووە کە سوڵتان هاشمو موستەشارەکانیش کاتی خۆی کوردیان ئەنفال کردوە؟

گەر سەرانی کورد دەستیان نییە لەو تاوانانەدا؟ بۆ ئێستا بەرگری لە موستەشارە خۆفرۆشەکانو کەسانێکی وەک سوڵتان هاشمو..  وەفیق سامەڕاییو.. نزار خەزرەجیو.. چەندین تاوان باری تر دەکەن؟

خوێنی ئەنفالەکانو قوربانیانی  هەڵەبجە ی شەهیدو هەموو  ئەوانەی کە لە پێناوی میللەتی کوردا تیا چون. لە ئەستۆی پارتیو یەکێتیدایە ئەم تاوان بارانە ڕۆڵەی کوردیان دا بە کوشت لە پێناوی مەرامی تایبەتی خۆیاندا.

دەبێت سەرجەم بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان و.. کەسوکاری ئەنفالەکان و... کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجەی شەهید... ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری بکەن.

**دەرکەوت بۆ گەلی کورد ئەمانیش هەر بەشێک بون لە سەرانی بەعسو بە پاساوی خەبات کردن بۆ گەلی کورد میللەتیان چەواشە کردبو. دیارە دوژمنان هەر تاوانێکیان کردوە بەرامبەر بە گەلەکەمان سەرکردایەتی کورد ئاگادار بون و هاوکار بون لە جێ بەجێ کردنی تاوانەکاندا.**

**من وەک هاوڵاتییەکی گەرمیانی کە زیاتر لە 35 کەس لە خیزانەکەماندا ئەنفال کراوە داوا لە سەر جەم گەلی کورد و خەڵکی گەرمیان دەکەم بە تایبەتی چیتر ڕێگە نەدەن سەرکردەکانمان برینەکانمان تازە بکەنەوەو بەرگری لە تاوان باران بکەن. هەندێک لە سەرکردە کوردەکان وەک ئەو جەلادانە سەیر بکرێن و ئەوانەی بەڵگەیان لەسەرە دادگایی بکرێنو بە سزای گەل بگەن و ناویان وەک خیانەت کارو خۆفرۆش بخرێتە ناو مێژوی گەلەکەمانەوە.**

**تێبینی / داوای لێ بوردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم ئەگەر هەڵەیەک هەبێت لە داڕشتنی نوسینەکەمدا من زۆر شارەزای نوسین نیم بەڵام ئاگری جگەر وای لێ کردم بنوسم خۆزگەش لە ناو کوردستاندا نەبومایە بە ئازادی وەک هەموو ئەوانەی بە ناوی خۆیانەوەو بە وێنەی خۆیانەوە شت ئەنوسن منیش بە هەمان شێوە بم نوسیبایە بەڵام لێرە دیموکراتییەت نییەو درکاندنی ڕاستیەکان بڤەیە و مەرگی لە دوایە.**